نەفرەتکارەکان نە دەبنە شەفاعەتکار، ونە دەبنە شاهێدیدەر لە ڕۆژی قیامەتدا

لە ئەبی دەرداوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «نەفرەتکارەکان نە دەبنە شەفاعەتکار، ونە دەبنە شاهێدیدەر لە ڕۆژی قیامەتدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هەرکەسێك نەفرەت زۆر بکات لەسەر ئەوانەی کە شایستە نین نەفرەتیان لێبکرێت؛ ئەوا ئەم نەفرەتکارە شایستەی دوو سزایە: یەکەم: نابێت بە شاهێد لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر ئومەتەکان بەوەی پێغەمبەرەکانیان پەیامی خودایان بۆ هێناون، هەروەها شاهێدیدانی قبوڵ ناکرێت لە دونیادا؛ چونکە بە فاسق ولادەر دادەنرێت، وپلەی شەهید بوونی پێنابەخشرێت کە ئەمیش بریتیە لە کوژران لە پێناو خوای گەورە. دووەم: شەفاعەت ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا کاتێك ئیمانداران شەفاعەت دەکەن بۆ براکانیان؛ ئەوانەی کە شایستەن لە دۆزەخدا سزا بدرێن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5495